# گرنگی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# أهمية العقيدة في الإسلام

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# گرنگی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا

**پرسیار:** ئایا گرنگی بیروباوەڕ چیە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

گرنگیدان بە بیروباوەڕ : گرنگترین پایە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەسەر بنیات نرا بێت بریتیە لە بیروباوەڕ، چونکە مرۆڤ بەبێ بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست، لەم دونیا پان و پۆڕەدا وێڵ وسەرگەردانی ناو شیرك و شەهواتەکانی دەبێت، بێگومان بیرباوەڕی ڕاست ودروست جوڵێنەری سەرەکی ژیانی مرۆڤە، مرۆڤ بەبێ بیرباوەڕ وەك ئاژەڵی لێدێت، و بگرە کەمتر لەئاژەڵیش، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴾ [سورة الفرقان: الآية ٤٤] .

واتا :ئایا وا دەزانیت زۆربەی ئەوانە ڕاستیەکان دەبیستن، یان بیرو هۆشیان دەخەنە کار؟ خۆ ئەوانە هەر وەك ماڵاتن (بزن، مەڕ، وشتر، گا) خاوەنی بیرکردنەوە نین، بەڵکو لەوانەشە گێل و وێڵ تر و نەزانتربن، چونکە گەلێك جار ئاژەڵ بەگوێی خاوەنەکەی ئەکات، هەرکەسێکیش چاکەی لەگەڵ بکات لەبیری ناچێت .

جا ئەگەر بیروباوەڕ هێندە گرنگ بێت لەژیانی مرۆڤدا، و هێندە پێویست بێت بۆ ژیانی، پێویستر لە نان و ئاو، دەی کەواتە دەبێت ئێمەیش گرنگیەکی زۆری پێ بدەین بۆ ئەوەی ئاسوودە بین لەژیانی دونیا و دواڕۆژدا .

گرنگی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا لە دەلاقەی ئمانجەکانیەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، گرنگترین ئامانجەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیش بریتین لە :

١) پاك کردنەوەی نیەت وئیخلاص و دڵسۆزی و پەرستن بۆ خوای گەورە (اللە) ، چونکە خالیق و بەدیهێنەرمان هیچ شەریك

وهاوەڵێکی نییە، لەبەرامبەردا پێویستە نیەت ومەبەست وتەواوی پەرستنەکان هەر بۆ ئەو ذاتە بێت .

٢) ئازاد کردنی بیر وژیری و عەقڵی مرۆڤ لەو نارێکی و بێ سەروبەریانەی کە لەئەنجامی بەتاڵی دڵەکان لەبیروباوەڕ دروست دەبن، چونکە هەر کەسێك خاوەنی بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست نەبێت ، یان دڵی خاڵیە لەهەموو بیروباوەڕێك، ئەو کاتە دەبێتە بەندە وگوێ لەمستی هەواو وئارەزووەکانی، یان لەناو گومڕایی وسەرگەردانی بیروباوەڕی پڕ لەخورافیاتدا دەتلێتەوە .

٣) فەرامهێنانی ئاسوودەی دڵ و دەروون و بیر و فیکر، ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست بێت ڕزگاری دەبێت لە دڵەڕاوکێ و نا ئارامی بیروهۆشی، چونکە ئەم بیروباوەڕە ڕاست و دروستەی ئیسلام مرۆڤ پەیوەست دەکات بە خوای گەورە و خالیق و بەدیهێنەریەوە .

٤) سەلامەت بوونی نیەت و کار و کردەوەکانمان لە لادان وئینحراف بوونی ئەو عیبادەت و پەرستنانەی بۆ خوای گەورە دەکەین، چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) ئەم

بیروباوەڕەیان ڕوونکردوەتەوە، دەی شوێنکەوتنی پێغەمبەرانیش پایەیەکی گرنگی ئاینە، هەرکەسیش سەرگەردان و گومڕا بوو لە شوێنکەوتنی پێغەمبەران ئەوە بێگومان تووشی لادان و ئینحراف دەبێت لە شوێنکەوتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا .

٥) بیروباوەڕی ڕاست وردوست مرۆڤ فێری ڕاوەستاوی و جدیەت دەکات لەکاروباریدا، بەشێوەیەك بەندەی ڕاستەقینەی پەروەردگار هیچ هەلێکێ خێر لەدەست خۆی نادات، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات بگات پێی و بەشدار بێت تێیدا، لەهەمان کاتدا هەرکاتێك گوناهو تاوانی لەهەر شوێنیك هەست پێ کرد خۆی لێ بەدوور دەگرێت و نزیکی نابێتەوە .

٦) بیروباوەڕی ڕاست و دروست ئوممەتێکی بەهێز دروست دەکات، ئوممەتێك ئامادەیە لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە و جێگیرکردنی دینەکەیدا هەموو شتە گران بەهاکانی ببەخشێت، گوێ بەو نارەحەتی و ناخۆشیانە نادات کە لەپێناو خوای گەورەدا تووشی دەبێت .

٧) گەیشتن بە خۆشبەختی و بەختەوەری دونیا و دوارۆژ، ئەویش بە چاکسازی وئیصلاح کردنی تاك و کۆمەڵگەکان لەسەر بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست، وگەیشتن بە ڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی هەتا هەتایی و نەبڕاوەی بەهەشت .

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە، هەموو ئەم ئامانجانە بۆ ئێمە و تەواوی موسڵمانان لەسەر ڕووی زەوی جێبەجێ بکات (اللهم آمین یارب العالمین ).